# قومارێکی دۆڕاو!!

**نوری بەشیر**
n.bashir3@tiscali.co.uk



ڕووداوەکانی یەك هەفتەی ڕابردووی عێراق و قەیرانێك کەلەپێکهاتنی حکومەتی عێراقدا سەری هەڵداوە، یەکجاری تر مایەپوچ بوونی یەکیتی و پارتی لەپرۆسەی خۆسازان و تەوافقکردن لەگەڵ هێزە ئیسلامی و قەومی‌یەکاندا لەمەحەك دەدات. سەرەرای پەیوەندی‌یە تەلفونی یەکانی جەنابی بۆش و وەزیرەکانی دەرەوەی بەریتانیاو ئەمریکا لەگەڵ سەرانی یەکیتی و پارتیدا، بەلام هیشتا هیچ ئاسۆیەك بۆپێکهنانی حکومەتی داهاتوو دیارنی‌یە. ئەمە لەکاتێکدایە کەلایەنگرانی ئەمریکا لەعلاویەوە بگرە تا تاڵەبانی و بەرزانی توانای ئەوەیان نی‌یە دەسەلات لەنێوەندی عیراقدا ببرێننەوە و ئارامی‌یەك بۆ بەرەوپێشچوونی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەعێراقدا پێك بهێنن.. ئەمە ئیتر قومارێکی دۆڕاوە بەرلەوەی قومارچی چوبێتە نێو یاریەکەوە! بەلام مەسەلەکە هەرهێندە نی‌یە، ئەگەر ئاورێك بۆ چەند ساڵی ڕابردوو بدەینەوە دەبینین کە ئەوە ئەحزابی ناسیونالیزمی کوردە، بەدوای روخانی ڕژێمی بەعسدا پرۆسەیەکی خۆ گرێدانەوەیان بەسیاسەت و هەڵویستەکانی ئەمریکاوە بردۆتە پێشەوە، بەبێ ئەوەی بەئەنجامێکی موسبەت بۆخەڵکی کوردستان گەیشتبن.  بگرە هەرجارە هاوشانی پێکهاتنی شکست و بن بەست لەسیاسەتەکانی ئەمریکادا ئەوانیش لەگەل ناکامی وپشێوی سیاسی بەرەو ڕوو بونەتەوە.

لەڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانەدا ئەمریکا و سیاسەتەکەی توشی قەیرانێك هاتووەو بەرنامەیەك کەداینابوو بۆخۆی ئەوەبوو کەگوایە لەرێگای هەڵبژاردنەوە عێراق دیموکراتیزە دەبێ و دەستەو تاقمێك لەم ڕێگایەوە دەگەنە دەسەلات کە بەتەواوی لایەنگری ئەمریکان بەلام واقعیتەکان شتێکی تریان هێناوەتە پێشەوە و هێزێکی پێچەوانە بەسیاسەتەکانی ئەمریکایان گەیاندۆتە دەسەلات. ئەویش ئیسلامی سیاسی لایەنگر بەئیران و دژایەتی‌کەری راستەوخۆی ئەمریکاو ڕۆژئاوایە. حالەتێکی ئاواش هەموو ریسەکەی ئەمریکا بۆتەوە بەخوری و بێچارەیی‌یەکی وای هێناوەتە پێشەوە کەکەس نازانێ بارودۆخەکانی عێراق بەرەو کوێ دەبات..

لەم نێوەدا قومارێك کە یەکێتی و پارتی تیا بەشداربوون تەسلیم بون بوو بەئیسلامی سیاسی و دەستەوتاقمەکانی.. ئەوان بەخاتری وەرگرتنی ئیمتیازێك لەدەسەلاتی داهاتووی عیراقدا و بەخاتری وەفاداری‌یان بۆ ئەمریکا هەموو شتێکیان قەبوڵ کردوو ملیان دا بە تەوافقاتێك لەگەڵ هێزە ئیسلامی و قەومی‌یەکان و تەنانەت ئامادەیی خۆیان لەوەدا نیشاندا کە سونەت و یاسا و شەریعەتی ئیسلامی لەکوردستانیش توندبکەنەوە و بۆ هاوپەیمانانی ئیسلامی‌یان بسەلمینن کە وەفادارن بۆ تەوافقات و ریکەوتنەکانیان. ئەوەی کەباسی عاشوورا و لەبەیانی پەرلەمانی کوردستان بەدژی کارتۆنەکانی محمد دێتەدەرێ، ئەوەی کەمەریوان هەڵەبجەیی لەسەر کتێبەکەی دەدرێتە دادگا، ئەوەی کە نێوەندی شارەکانی هەولیرو سلیمانی دەبنە مەیدانی خۆپیشاندانی چەقۆکێشانی ئیسلامی تا ئەوەی کە بەئاشکرا بانگەشەی فتوا و کوشتن لەمزگەوتەکان و دەزگاکانی بلاوکردنەوەوە تەخشان دەکرێتەوە.. هەموو نیشانەی ئەم وەفاداری‌یەی یەکیتی و پارتی‌یە بۆ ئیسلام و لایەنە ئیسلامی‌یەکان کەبریارە لەحکومەتی داهاتووی عیراقدا دەستی بالاً پەیدا بکەن.

بەلام ئاکامی ئەم سیاسەتەو ئەم قوماربازی‌یەی یەکیتی وپارتی ژیانی خەڵکی کوردستان بۆکوی دەبا؟ دەبێ چیبکرێ تا لەوە زیاتر چارەنووسی کۆمەڵگای کوردستان بەهۆی ئەم قومارەی یەکیتی وپارتی‌یەوە لەوە زیاتر ڕاپێچی شەری تایەفەگەری و پێکدادانی نیوان ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی نەبرێ؟

ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە: کایەیەك کە ناسیونالیزمی کورد وەرەقەی قوماری تێدا ڕادەکیشی ئەوسەرەکەی لەوە زیاتر ناروات کە کوردستان ببەنەوە ژێر سێبەری حکومەت و دەسەلاتێك کەجەعفەری و ئەلحەکیم و صدرو هاوشیوەکانی تریان تیا بالادەستە.. حکومەت و دەسلاتێك کەنموونەکەی لەسەردەمی حکومەتی کاتیدا خوی نیشادا و سەلماندی چ نیەت و چاکی‌یەکی لەگەڵ خەڵکی کوردستان هەیە!! .. هەربۆیە لەم کایەیەدا و لەم سیاسەتەی ئەمریکاو خۆبەستنەوەی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد پێوەی، دەکرێ تەنها ئەنجامی قومارێکی دۆڕاو بۆخەڵك بهێنێتەدی.. کەوایە نابێ لەوە زیاتر یاری بەچارەنوسی خەڵکەوە بکرێ، نابێ ڕێگا بدرێت بەڵای ئیسلامی سیاسی و ئەمریکا بەقیمەتی قوربانی‌دانی خەڵکی کوردستان بەشوێنی خۆی بگات.. خەڵکی کوردستان دەبێ ڕێگای خۆیان بگرنەبەر.. یانی ڕێگای سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەست بەجێی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەکوردستاندا. ئەمە ئەو بەدیلەیە کەژیانی ئیستاو داهاتووی خەڵکی کوردستان و نەوەکانی لەبازنەی قوماری دۆڕاوی یەکیتی وپارتی دەردێنێ..